## “مەمکەکانی تفەنگ”

قوباد جەلی زادە

پەرداخەکانمان مەست ببوون بە بۆنی چرا

حوجرەکانمان پڕاوپڕ بوون لە رووناکی شەراب

بە چەپکێ شمشێرەوە چاوەڕێی ژنە رووتەکان بووین

ئەو ژنە رووتانەی لە یەکەم شەڕ دا

چارشێوە رەنگینەکانیان سووتاند و

لە دووەم شەڕیشدا

مەمکدانەکانیان

ئێمە لە خەونێکی خۆش دا بووین کە شەڕ وەك زەبەلاحێکی رووت

بەسەر شەقامەکانی رۆحماندا رمبازی دەکرد

ئێمە نا بەڵام منداڵە هەتیوەکان

ئێمە نا بەڵام پیاوە کەم ئەندامەکان

ئێمە نا بەڵام کچە بێوەژنەکان

دایانە بەر

دەسرێژی میز و نارنجۆکی تف و مۆلۆتۆفی پیسایی

پێڕانەگەیی عەورەتە نەگریسەکانی داپۆشێ

جانتا ڕەشەکەی هەڵگرت و بۆ سەر کەوشەنەکان تێی تەقاندەوە

ئێمە نا بەڵام شۆڕەسوارە ترسەنۆکەکان

دڵیان دایەوە

ئێمە نا بەڵام هەرزەکارە ردێن سپییەکان

حورمەتیان لێنا
ئێمە نا بەڵام فریشتە داوێن پیسەکان
عەورەتە چڵکنەکانیان لێستەوە و
بۆنی گەرا رژاوەکانیان هەڵمژی و
بە چەپڵەڕێزان گێڕایانەوە
ئەمجارەیان جەنگ، هەموو پیاوەکانی لە پیاوەتی خست و
رەحمی هەموو ژنەکانی پووکاندەوە
ئەمجارەیان جەنگ
مەمکی هەموو کیژەکانی دزی و
نەیهێشت تاکە مێرمنداڵیمان باڵق بێت
ئێمە لە خەونێکی خۆش دا بووین
کە باغچەکان بە گژ یەکدا چوونەوە
تەیرەنئەبابیلەکان خەیانەتیان کرد و
لانەی پەپوولانیان پڕ کردەوە لە هێلکە شەیتانۆکە
ئێمە لە خەونێکی خۆش دا بووین
کە گومبەز و منارە یەخەگیری یەکتر بوون و
نوێژکەران
بە سەر بەرماڵە سپیەکاندا ر ش ا
ن ە و ە
شمشێرمان لەودیوی پردەکە بەجێ هێشت و هەڵاتین
شەڕ پێشی ئێمە گەیشتبووە مەنزڵ

لەشکرە شکاوەکان بە سەر گەڕەکی شارەکان دا دابەش بوون
زارۆکانیان لە نێو نوێن دەرپەڕاند و
جەنگاوەرە ماندووەکان لاقە تەزیوەکانی خۆیان تێخزاند
ئەوان بە ئاوەڵکراسی ژنەکانمان برینەکانیان شەتەك دا
لەشە زوورەکانیان لە گەرماوە لووسەکاندا مشتوماڵ کردەوە
مۆمە دایساوەکانی داوێنیان
بە ژنە رووتەکەی سەر قتووی شامپۆکان دامرکاندەوە
گوتیان: فەرموو بۆ گەشتی شەڕگەکان وەگەڵمان کەوە
گوتم: ئاخر تفەنگم نییە تا بیکەمە شانم و رەدووتان کەوم
کولینگم نییە تا لە مەیدانێکی شەڕ دا سەنگەرێك هەڵکەنم
دووربینم نییە تا لە نهێنیی سەنگەرەکانی ئەوبەری پێبگەم
کتێبەکانیان فرۆشتم و تفەنگێکیان کردە شانم
بووکەشووشەی ساواکانیان فرۆشتم و کولینگێکیان لە مشت نام
مۆم و چراکانیان هەراج کردم و دووربینێکیان بە گەردندا شۆڕ کردمەوە
نەیانهێشت دوا قەسیدەم بۆ مەمکی دەزگیرانەکەم تەواو بکەم
ئەنگوتکەکانی سەر خوانەیان پێ فرێدام و
نارنجۆکێکیان پێ کڕیم
گوتم ئاخر بەر لەوەی کەمتیارەکانی شەڕ تەعاروفمان لەگەڵدا بکەن
من دەستی چەپم بۆ گوڵە زەنبەقێك درێژ کرد
کەچی دەستم بە قەدییەوە بوو بە گەڵایەکی سەوز و بەجێما
گوتم ئاخر پێش ئەوەی هەزارپێیەکانی شەڕ

قاوەی بەیانیمان لەگەڵدا بخۆنەوە

دەستی راستم بۆ لەرەی سینگێکی نەرم درێژ کرد

کەچی پەنجەم لە نێوانی دوو مەمك دا

بوو بە ملوانکەیەکی زێڕین و بەجێما

ئیدی پەنجەم کوا تا لە پەلاپیتکەی تفەنگێکی گرێدەم!؟

ئیدی پەنجەم کوا تا دڵی تەزیوی نارنجۆکێکی پێ گەرم کەمەوە!؟

گوتیان ئاخر شەهیدە دەستبڵاوەکان

چەپکێ دەست و چەپکێ پەنجەی یەدەکیان بۆ بەجێ هێشتووی

بە کەڵە سەر لەگەڵ مناڵە هەلاجکراوەکان دا

هەڵماتێنمان کرد و دۆڕاندمان

لەگەڵ ئەو مەیتانە سەمامان کرد کە مەمکی شەڕیان مژیبوو

لەگەڵ ئەو برینانە گۆرانیمان گوت دەمیان لە نێو دەمی گوڵە نابوو

جەنگ ئەمری کرد لە هەموو ماڵێکدا گۆڕستانێك و

لە هەموو جەستەیەکدا خەستەخانەیەك بکەینەوە

جەنگ ئەمری کرد کەپرەکانی مانگی هەنگوین

بە قەڵاکای سەدەی ژەهر بگۆڕینەوە

جەنگ ئەمری کرد لەگەڵ ئەو کیژانە بخەوین

نێزە هەموو گیانی کون کون کردبوون

بەڵام هێشتا هەر کچ بوون

جەنگ ئەمری کرد

سگی ئەو ژنە کوژراوانە پڕ بکەین

کە هێشتا لێویان بۆنی شەهوەتی لێ دەهات

یێخەی کێ بگرین تا بووکە شووشەی کۆرپەکانمان پێبداتەوە؟

کە ئاگر هەموو یێخەکانی سووتاندبێ

دەستی کێ ماچ بکەین تا تنۆکێك ئاسوودەیی

داچۆڕێنێتە قورگی وشکمانەوە

کە تفەنگ هەموو دەستەکانی دەستگیر کردبێ؟

تفەنگ کوندەبەبۆی راسپارد و پێی گوتم:

بە باڵندەکانتان بڵێن بیر لە هەڵفڕین نەکەنەوە

قەفەز پزدان و لانك و قەبرتانە

بە ژنەکانتان بڵێن بیر لە ملوانکە مەکەنەوە

گەردنتان بە ئەڵقەی پەتەوە زەردتر و زراڤترە

بڵێنە کیژەکانتان بیر لە زرەی بازن مەکەنەوە

مەچەکتان بۆ کۆت و کەلەبچە لەبارترە

بڵێنە گەنجەکانتان

بیر لە شەوی پەردە مەکەنەوە

رژانی خوێنی سەر لە رژانی خوێنی داوێن ئاڵتر و بە لەزەت ترە

مێژووت ئەی تفەنگ رەشترە لە گۆنای گوناه و ئایندەت تاڵترە لە ژەکی ژەهر

تفەنگ، گەڵاکانی ئاشتی هەڵوەرین و تر هەر بە سەوزی مایتەوە

تفەنگ، جوانی چۆکی دادا و تۆش هەر کەحێلێکی خۆشڕەوی

تفەنگ، عیشق ددانەکانی کەوتن و تۆش هەر تۆلازێکی خوێن گەرمی

تفەنگ، چرا کوێرایی داهات و تۆش هەر چاوە شینەکانی یەمامەی

ئەی جەنگی جوان

بە تەنیا لەم جەنگەڵی جوداییە دا جێمان مەهێڵە

هەڵمەیەن رەوە خەنجەرە ژەهراوییەکانی ترس

با پەڕەسێلکە و وەنەوشە لانە لەبەر پشتماندا چێ نەکەن

ئێمە کەسمان لە بۆنی شەونم و لە زمانی پەپوولە و لە سەمای گوڵ تێناگەین

ئەی بازە چاو تیژەکانی ئاشووب قەڵا و منارەکانمان چۆڵ مەکەن

ئێمە لە ناو رەشبەڵەکی فیشەك و زەماوەندی دووکەڵدا

چاومان کردۆتەوە

دەترسین باڵندەکانی ئارامی چاوە سوورەکانمان بکۆڵن

ئەی شەڕی قەشەنگ

بە تەنیا لەم جەنگەڵی جوداییە دا جێمان مەهێڵە

راهاتووین لەگەڵ ژنە سۆزانییەکانی فیتنە دا راکشێین

تازە پەریزادەکانی ئاشتیمان چۆن بۆ دەستەمۆ دەکرێ

لە باغچەی ساوایان دا کتێبە پیرۆزەکانی شەڕیان پێ خەتم کردین

تازە بە پیری چۆن لە سروودە تازەکانی کۆتر دەگەین؟

====

من ژن بوومایە

بە نەرمە سەمایەك نەخشەی پیاوە شەڕ خوازەکانم ڕەش دەکردەوە

من ژن بوومایە

مەتارەی جەنگاوەرەکانم دەکرد بە گوڵدانی پەمەیی ترین ماچ

من ژن بوومایە

لە عەردی حەرام دا رووت رووت دەبوومەوە

تا تفەنگەکان لیکیان لە دەمی دەڕژا

من ژن بوومایە

بە مەمك سەنگەرەکانم داگیر دەکرد

تا لە باوەشمدا پێشمەرگەکان ساوا دەبوونەوە

====

پەرداخە شکاوەکانمان پڕاوپڕن لە تاریکیی خوێن

حوجرە رماوەکانمان سەرمەستن بە هەناسەی مردن

بە شمشێری شکاوەوە چاوەڕێی ژنە مردووەکانین

ئەو ژنە مردووانەی لە یەکەم شەڕ دا

پەردە تەنکەکانیان سووتاند و

لە دووەم شەڕ دا مەمکەکانیان و

لە سێهەم شەڕیشدا

خۆیان!!!